دادگای تاوانی بابل سزای حەوت ساڵ زیندانی بەسەر فەرماندەیەک سەپاند

ڕۆژی چوارشەممە (29ـی تشرینی دووەمی 2023) دادگای تاوانی بابل سزای حەوت ساڵ زیندانی بەسەر فەرماندەیەک سەپاند دوای ئەوەی تاوانی بڕتیل بەسەریدا سەلمێندرا.

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئێنجومەنی باڵای دادوەری عێراق لە بەیاننامەیەکدا ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، "دادگای تاوانی بابل کە تایبەتە بە کێسەکانی دەستاپاکیی، سزای حەوت ساڵ زیندانیکردنی لە دژی ئەفسەرێک بە پلەی عەقید دەرکرد کە لە پێستی بەرەوبەری نووسینگەی تاوانی ئابووری لە ناوچەی موسەیب، ئەسکەندەریا و سەدە کار دەکات".

ئاماژەی بەوەشکردووە، تۆمەتبارەکە بڕی 5 هەزار دۆلاری لە خاوەن دوکانەکان وەرگرتووە لە بەرامبەر پێشێلکردنی ئەرکەکانی کارەکەیدا.